
شیعر

بەندی عەلی

# کورتە نامەکانی تاراوگە

١

لە چاوەڕوانییا، ڕووام
چەندەها قافڵەی کۆچەریی
سەوزی بەهار جێیان هێشتم
نەگۆڕەکەی دووگیانی بەختم
گوڵێکی بوو
نەشەماڵە تەتەرییەکانی نیشتمان
نامەی گەڵایەکیان پێ دام
ئەوانەی یاوەری خۆم و
سێبەرم بوون
دڕکێ لە بنەماڵەی خەم و
گیاکەڵەیەک لە خێڵی زام
لە چاوەڕوانییا، ڕووام



٢

لە بێدەنگییا، تەزیم

نەپشکۆی هۆرەیەکی جاف

ژێر زمانم داخ ئەکات و

نەبڵێسەی حەیرانێکی کن بەعرەکەی

شەختەی گەرووم ئەتاوێنێ

نەپرشنگی لۆلۆیەکی بادینان و

نەبرووسکەی سیاچەمانێکی خورماڵ

لێوی کوڕماوی لەرزیوم، ئەلاوێنێ

ئاخ لە روحی رووتوقووتی

سەر دڕکەزیم

لە بێدەنگییا، تەزیم

٣

لە تەنیاییا، نغرۆم

نەلەوحێکی سەرئاو کەوتووی

کەشتیە تێکشکاوەکەی خەوەکانم

هەڵم دەگرێ و نەنەورەسێ

ڤیزەی کەنارێکی ئۆخەی

ئەدا لە پاسپۆرتی دڵم

نەدۆلفینێ، سەما لەگەڵ

مناڵە ماخۆلانەکەی ناخم ئەکات

نەئاوێنەی سەرابێکیش

دووبارە پێم ئەناسێنێ

سیمای جاری جارانی خۆم

لە تەنیاییا، نغرۆم

٤

له بێزارییا، وەریم

دڵم پێکە شەرابێکی خەست و خۆڵە و

بەدمەستێکی چەقی شاریش نۆشی ناکا

هەناوم فنجانێ قاوەی تفت و تاڵە و

چنگێ شەکر خۆشی ناکا

دیدەم دوو ژێرپیاڵە قەتران

هەناسەم بارەشی زریان

زیندەیەکم، لە باوەشی مەرگا ئەژیم

لە بێزارییا، وەریم

